# بەکارهێنانی هاوکۆلکەی نزیکترین دراوسێ و پشتێنەی کاریگەر بۆ شیکردنەوەی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری سەیدسادق

**هێرش صابر سعید، بەیان علی حسین**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**--خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بە بەشێکی گرنگ لە خزمەتگوزترییە کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت و بایەخ و گرنگی تایبەتی هەیە لە ڕووی دابەشکردن و شێوە و شوێنی دامەزراوە فێرکارییەکان و بە رزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکەکانی کۆمەڵگە، دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری بە شێوەیەکی هاوسەنگ و زیادکردنی ژمارەی دامەزراوە فێرکارییەکان لە شارەکەدا یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی سەرجەم گەڕەکەکان خزمەتگوزارییەکەیان پێ بگات، بۆ گەیشت بە ئامانجی توێژینەوەکە پشت بەستراوە بە چەند ئامرازێکی ئاماری چەندێتی کە لە سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکاندا هەیە وەك (هاوکۆلکەی نزیکترین دراوسێ) و(پشتێنەی کاریگەر) بۆدیاریکردنی شێوازی دابەشبوون و پاشان شیکردنەوەی ئەنجامەکان و دیاریکردنی ئەو هۆکارانەش کە کاریگەربوون لەسەر ئەو دابەشبوونە، بۆ ئەم مە بەستەش پشتمان بە داتای خوێندنی ساڵی(2024-2025)بەستووە، لە ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی نزیکترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاری ڤێرکاری بە گشتی لە شاری سەیدسادق بۆمان دەرکەوتووە کە شێوازی دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە (مەیلەو هەڕەمەکییە)، هەروەها لە پاش بەکارهینانی (پشتێنەی کاریگەر) کەبۆ نیشاندان سنوری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە بە پشت بەستن بەو دەوربەری کە خوێندکار دەیبڕێت بۆمان دەرکەوتووە کە زۆرترین ڕووبەری پشتێنەی کاریگەرلە ناو سنوری شارەکە لە قۆناغی ئامادەیی ئەکادمیدایە کە (124.3) هێکتار، کە مترین ڕووبەری پشتێنەکە لە قۆناغی باخچەی منداڵانەدایە کە (113.0) هێکتارە، لە کۆتایی توێژینەوەکە وەك ڕاسپاردە داوامان کردووە کە پشت بە پێوەرەکانی پلاندانان ببەسترێ بۆ زیادکردنی ژمارەی دامەزراوە فێرکارییەکان، بە جۆریك کە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان و خوێندکاردا بگونجێ.

**ووشە کلیلەکان:** خزمەتگوزاری فێرکاری، نزیکترین دراوسێ، پشتێنەی کاریگەر، شێوازی دابەشبوون، شاری سەیدسادق.

## پێشەکی

توێژینەوە لە دابەشبوونی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە ئەمڕۆ لەلایەن توێژەرانەوە گرنگیی و بایەخی زۆری پێدەدرێت، کە مەست دۆزینەوەی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی شارەکەو ڕادەی سوود وەرگرتنی دانیشتوانە لە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، یەکێکە لەو پێداویستیە گرنگانەی نابێت فەرامۆش بکریت لەکاتی پلاندانی خزمەتگوزاری لە شارەکەدا، چونکە زیادکردنی ژمارەی دامەزراوە فێرکارییەکان و دابەشبوونیان بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا، یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکە بەشیوەیەکی ڕێکخراو و هاوسەنگ بگاتە سەرجەم گەڕەکەکانی شارەکە و زۆرترین دانیشتوانی شارەکە سوود مەندبن لێی و بە ئاسانی (منداڵی باخچە وقوتابی و خویندکار) بگەنە شوینی خزمەتگوزارییەکە، کەواتە گرنگیدان بە دابشبوونێکی ریکخراو و هاوسەنگ خزمەتگوزارییەکە زامنی گەیەندنی سوودی تەواوە بە دانیشتوان، بە پێچەوانەشەوە دابەشبوونێکی نارێکخراو نا هاوسەنگ دەبێتە هۆی کەمی یان نەبوونی خزمەتگوزارییەکە لە هەندێك گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە، ئەمەش پێویستی بە دانانی پلانێکی وورد و گشتzگیرە لە لایەن پسپۆرانی شار و بەڕێوەبەرێتی پەروەدەی سەیدسادق بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریەکە بە تەواوی بگاتە سەرجەم دانیشتوانی شارەکە.

### 1. کێشەی توێژینەوە:

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتی یە لە نا هاوسەنگی لە دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری سەیدسادق و کەمی ژمارەی دامەزراوە فێرکاریەکان لە هەندێك قۆناغەکانی خویندندا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لە گەڕەکان بەپێی پێویست خزمەتگوزراییەکەیان پێناگات، هاوکات هەندێك گەڕەکی تر ژمارەیەکی زیاتر دامەزراوەی فێرکارییان تێدایە و

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (15)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp213-227
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 23 حزيران 2025؛ قُبل في 24 أب 2025؛ نُشرت في 9 حزيران 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: hersh.sabr1985@gmail.com , bayan.hussain@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر@ 2026 هێرش صابر سعید، بەیان علی حسین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

خزمەتگوزارییەكەیان بە باشی پێدەگات، واتە خزمەتگوزارییە كە بە شێوەیەكی یەكسان نەگاتە دانیشتوانی سەرجەم گەڕەكەكان و ناتوانن وەكویەك سوود مەندبن لێی.

**2. گرنگی توێژینەوە:**

**أ.** شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێركاری بە شێوازێكی هەڕەمەكیە ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی پلانی پێش وەختە و نارێكی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە.

**ب.** نا هاوسەنگی هەندێك لە (باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگەكان) ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی دابەشبوونەوە و كەمی لە ڕووی ژمارەوە كاری كردۆتە سەر ڕووبەی پشتێنەی خزمەتگوزاری لە گەڕەكەكانی شارەكەدا بە شێوەیەكی جیاواز.

**3. ئامانجی توێژینەوە:**

توێژینەوەكە لەپێناو چەند ئامانجێك ئەنجام دەدرێت كە بریتین لە:

أ.هەوڵدانە بۆ نیشاندانی ئەو شێوازەی كە دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێركاری هەیەتی لە ناوچەی توێژینەوە.

ب.هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێركاری لە شارەكەدا لەڕووی دەستنیشان كردنی پشتێنەی كاریگەر بە بەكارهێنانی بەرنامەی(GIS) بە پشت بەستن بە پێوەری دووری بۆ نیشاندانی ئەو ڕووبەرانەی شارەكە كە خزمەتگوزاری دەیگرێتەوە لەگەڵ ئەو ڕووبەرەی كە خزمەتگوزارییەكە نایگرێتەوە.

**4. گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی توێژینەوەكەمان خۆی دەبێنێتەوە لە دیاریكردنی شێوازی دابەشبوونی شوێنی جوگرافی خزمەتگوزاری فێركاری و ڕووبەری پشتێنەی كاریگەر ، مەبەستمان لە ئەو ڕووبەرەیە كە خزمەتگوزاركە دەگرێتەوە لە شاری سەیدسادق، بە بەكارهێنانی شیكردنەوەی ئاماری و شوێنی لە سیستەمی زانیارییە جوگلرافیەكان(GIS)، بۆ جێبەجێكردنی باشترین ورترین ڕێگا كە وێنای خزمەتگوزارییەكە بكات، بە هۆیەوە دەتوانین لایەنی پەیوەندیدار لە شێواز و ڕووبەری خزتگوزارییەكە ئاگاداربكاتەوە، بۆ ئەوەی لە ورێگەیەوە هەوڵبدرێت ناهاوسەنگی خزمەتگوزارییەكە لە سەرئاستی گەڕەكەكان چارەسەربكرێت.

**5. ڕێبازی توێژینەوە**

هەموتوێژینەوەیەك كە ئەنجام دەدرێت وا پێویست دەكات ڕێبازێك یان چەند ڕێبازێكی زانستی پەیرەوبكات، بەمەبەستی پێكانی ئامانجی توێژینەوەكە و زیاتر سوود گەیاندنی زانستی بەبابەتەكە لەسەر ئەو بنەمایەش بەباشمان زانیوە لەم توێژینەوە پشت بە ڕێبازی وەسفی و شیكردنەوە بەبەستین.

**6. پلانی توێژینەوەكە:**

توێژینەوەكەمان بەسەر سێ باسدا دابەش كردووە، لە باسی یەكەمدا ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و چەمك و زاراوەكانی تایبەت بەتوێژینەوەكە ، باسی دووەم شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێركاری بە گوێرەی شیكردنەوەی هاوكێشەی نزیكترین دراوسێ، لە باسی سێیەمدا شیكردنەوە بۆ پشتێنەی كاریگەر بۆ خزمەتگوزاری فێركاری كراوە، پاشان بە دەرئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەكان و پاشكۆكان كۆتایمان بە توێژینەوەكە هێناوە.


## باسی یەكەم:
## ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و چەمك و زراوەكان:

**1. ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:**

شوێنی جوگرافی : شوێنی جوگرافی ڕوبەرێك لە زەوی دیاریكراو لە ناوچەیەكدا دەگرێتەوە و مرۆڤ تێدا پەیوەستبووە پێوەی بە چەندین جۆر لە بەكارهینان تیدا ئەنجام دەدات، ئەم شوینە جوگرافیەش پەیوەندی هەیە بە ناوچەكانی دەوروبەرییەوە، و كاریگەری و ئاڵوگۆڕ دروست دەكات لەو شوێنە جوگرافیە دیاریكراوەدا و بەهاو گرنگی تایبەتی خۆی بۆ دروست بووە لە سەر بنەمای پەیوەندی شوێنی و ئاراستەكانی ژیان تێدا(حمەعلی،2024 ؛406)، لە بەرئەوە دەكرێت بڵێین كە شوێن بریتی یە لە پەیوەندی نێوان شار و دەوروبەرەكەی كە بەردەوام لە گۆڕاندایە(حسین، 2009؛ 29)، سەبارەت بەشوێنی شاری سیدسادق دەكەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، لە باشوری قەزای سەیدسادق هەڵكەوتووە، سەنتەری قەزای سەیدسادقە، هەروەها شاری سەیدسادق لە ناوەڕاستی دەشتی بەپیتی شارەزوور هەڵكەوتووە و شوێنێكی نێوانی هەیە لە نێوان شارەكانی (سلێمانی و هەڵەبجە و پێنجوێن)دا، بە جۆرێك شارەكە لە باكورەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای شارباژێر، لە باشوری ڕۆژهەڵات پارێزگای هەڵەبجە و لە باشوری ڕۆژئاوا قەزای شارەزوور، لە باكوری ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای پێنجوێن، لە ڕۆژئاواشەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای ناوەندی سلێمانی،, نەخشەی (1)، لە ڕووی شوێنی فەلەكیەوە ناوچەی توێژینەوە دەكەوێتە نێوان بازنەی پانی(=21، -20 ،°35 - =29، -24،°35)باكور و هێڵی درێژی (=44 ،-48،°45 - =17، -54،°45) پلەی ڕۆژهەڵات، نەخشەی(2)، ڕووبەری گشتی شارەكە لە ساڵی (2024) گەیشتۆتە(2466.9) هێكتار و لە ڕووبەرە (1989.26) هێكتاری ڕووبەری سەرجەم گەڕەكەكانی شارەكەیە و (488.7) ڕووەبەری زەوی بەتاڵە، ژمارەی گەڕەكەكانیشی (23) گەڕەكە، نەخشەی(2)، ژمارەی دانیشتوانیشی بۆ هەمان ساڵ گەیشتۆتە(81115) كەس،( وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی پێشبینكراو دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان و قەزا وناحیەكان بۆ ساڵی 2024)

**نەخشەی(1)**

**شوێنی شاری سەیدسادق بە گوێرەی قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی**




**سەرچاوە:کاری توێژەر بەرنامەی ARC Gis10.8 پشت بەست بە:**

**1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024**

**2.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرێتی شارەوانی سەیدسادق، بە شی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**نەخشەی(2)**

**شوێنی فەلەکی شاری سەیدسادق**



**سەرچاوە:کاری توێژەر بە بەرنامەی ARC Gis10.8 پشت بەست بە:**

**1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024**

**2.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرێتی شارەوانی سەیدسادق، بە شی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

## 2. چەمك و زاراوەكانی تایبەت بە توێژینەوەكە:

### ا : خزمەتگوزاری فێرکاری:

خزمەتگوزاری فێرکاری یەکێکە لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییە گرنگەکان،لە ئامادەکردنی کادیری تەکنیکی وپیشەیی پێشکەتوو لە پرۆسەی گەشەسەندن لە سەرئاستی نەتەوەیی و هەرێمیدا پشتی پێ دەبەسترێت(گۆران، 2022؛ 11)، وە دەبێتە بنەمایەی سەرەکی بۆ پێشکەوتن و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاکان لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و تەکنەلۆژی(مصطفی، 2020؛ 165).

**ب : قۆناغی باخچەی منداڵان:**

قۆناغێکی پەروەردەیی هەستیارە و بایەخ و گرنگی خۆی هەیە لە قۆناغەکانی خوێندندا، بە بنەمای سەرەکی پەروەردەیی و فێرکردنی منداڵ دادەنرێت، ئەم قۆناغە پێش پەیوەندی کردنی منداڵە بە خوێندنی بنەڕەتیەوە و تەمەنی منداڵ لە نێوان (4 - 5) ساڵیدایە(رواندزی، 2006 ؛ 10).

**پ: قۆناغی بنەڕەتی:**

ئەم قۆناغە بە گرنگترین قۆناغەکانی خوێندن دادەنرێت لە دامەزراوە فێرکارییە پەروەردەیەکاندا، چونکە ئەم قۆناغە پێگەیەکی گرنگ لە سەر ژیانی قوتابی و دروستکردنی کەسایەتی دادەنێت و گەشە بەلایەنی هزری و جەستەیی و ڕەفتاری قوتابی دەدات، تەمەنی قوتابی لە نێوان (6-15) ساڵیدایە و ماوەی خوێندن لەم قۆناغە (9) ساڵە و دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغە قوتابی دەچێتە قۆناغی ئامادەیی، بە فراوانترین قۆناغەکانی خوێندن دادەنرێت لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە بەراورد بە قۆناغەکانی تر، قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە لە شاری سەیدسادق دابەش دەبن بەسەر سێ قۆناغی جیاوازدا، کە ئەوانیش قۆناغەکانی (1-6) و(7-9) و(1-9)، (لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە، 2009؛ 9).

**ت : قۆناغی ئامادەیی:**

قۆناغی ئامادەیی گەشەسەندوترین قۆناغە لە دامەزراوە فێرکاریەکاندا، کە بریتی یە لە کۆتا قۆناغی خوێندنە پێش چوونی خوێندکارانە بۆ(زانکۆ و پەیمانگا)، ڕاستەوخۆ دوای تەواوکردنی قۆناغی(9) بنەڕەتی دەست پێدەکات، ماوەی خوێندن لەم قۆناغە(3) ساڵە، بە پۆلی دەیەم دەست پێدەکات و بە پۆلی دوانزەیەم کۆتایی پێدێت، تەمەنی خوێندکار لە نێوان(15-17) ساڵیدایە، خوێندنگەکانی ئەم قۆناغە دابەش دەبن بۆ دووجۆر ئەوانیش بریتین لە خوێندنگەی ئامادەیی ئەکادیمی(زانستی و وێژەیی) و خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی(بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵ)، (سعید، 2013؛ 6-7).

## باسی دووەم:
## شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزرای فێرکاری بە گوێرەی شیکردنەوەی هاوکێشەی نزکترین دراوسێی (Nearest neighbor analyses) لە شاری سەیدسادق:

نزیکترین دراوسێی یەکێکە لە شێوازە ئامارییە گرنگەکان کە جوگرافیاناسان بەکاردەهێنن بۆ دەرخستنی شێوازی دابەشبونی دیاریدەکان، بە پشت بەستن بە پێوانەی دووری نێوان دیاریدە دابەشبووەکان لە سەر نەخشە لە شێوەی خاڵدا(عبداللە، 2021؛ 101)، ئەوەی ئەم پێوەرە لە پێوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە کەمترین ڕێژەی هەڵەی هەیە لە چاو پێوەرەکانی تردا، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە نزکترین دراوسێ بە باوترین پێوەرە لە زانستی جوگرافیادا بەکاردێ بۆ پێوانەکردنی رادەی بڵاوبوونەوەی خاڵەکان لە دەوری یەکتر و دۆزینەوەی شێوازی گشتی ئەو بڵاوبونەوەیە لە دابەشبوونە شوێنیەکاندا، ئەوەش دەردەخات کە دابەشبوونە کە هەرەمەکییە یان کۆبۆوەوەیە یان پەرش وبڵاوە(کریم ومحمد ، 2019؛ 345)، ئەمەش لە ڕێگەی هاوکێشەیەکی تایبەتەوە دەبێت کە لە پاشکۆی(1) دانراوە، بەهای هاوکۆلکەی نزکترین دراوسێیەتی لە نێوان (0 – 2.149) دایە، کە چەندین شێوازی دابەشبوونی جیاواز دەنوێنی هەر وەك لە خشتەی (1) ڕوونکراوەتەوە.

لەکاتی شیکاری بەهاکانی نزکترین دراوسێتیدا دوو گریمانە هەیە کە پشت بە هاکانی ناو ئەنجامی هاوکێشەکە دەبەستێت، ئەو گریمانانەش ئەمانەن:

1. گریمانەی پرنسیپی دەڵێت: ( دابەشبوونی خاڵەکانی دیاریدەکە شێوازەکەی هەرەمەکیە) واتە بەڕێکەت دابەشبوون کارێکی ئاسان نیە کەوا شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.
2. گریمانەی شوێن گرەوە دەڵێت: ( شێوازی دابەشبوونی خاڵەکان شێوازێکی دیاریکراوە و پەیوەستە بە کاریگەریەکانی کۆمەڵێك فاکتەری دیاریکراوەوە) (حمە علی، 2016؛ 123).

**خشتەی(1)**
**پۆلینکردنی بە هاکانی نزیکترین دراوسێیەتی**

| شێوازی دابەشبوون | بەهاکانی هاوکێشەی نزکترین دراوسێ |
|---|---|
| کۆبووەوە | 0.09 - 0.00 |
| کۆبۆوەی نارێك | 0.49 – 0.1 |
| مەیلە وهەرەمەکی | 0.99 – 0.50 |
| پەرشوبڵاوی نارێك | 1.99 – 1 |
| پەرشوبڵاوی ڕێك وپێك | 2.149 – 2 |

**سەرچاوە : صالح، عمر احمد الزاكي، 2018، تقيم التوزيع المكاني لخدمات التعليم العام باستخدام تقنيات نظم المعلومات الجغرافية و الاستعشار عن بعد (دراسة تطبقية على محلية بحري)، أطروحة الدكتوراه(غيرة منشورة)، كلية الدراسات العليا والبحث العلمي، جامعة شندي – سودان، ص123.**

پاش جێبەجێکردنی تەکنیکی هاوکێشەی نزکترین دراوسێ( Nearest Neighbor Analysis) لە چوارچێوەی (Spatial Statistic Tools) لە پرۆگرامی (Arc GIS 10.8 ) بۆ شیکاری شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری بۆمان دەرکەتووە کەوا لە ناوچەی توێژینەوەدا چەند شێوازێك لە دابەشبوون بۆ ئەم خزمەتگوزارییە دروستبووە، بە پشت بەستن بە بەهای نزیکترین دراوسێ ئەنجامەکانمان بەدەست هێناوە دەکرێت بە شێوەیەکی پوخت باسیان بکەین و شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری بخەینەڕوو بەو شێوەی کە لە خشەی (2) هاتووە:

بەڵام پێش ئەوەی سەرجەم قۆناغەکان بە جیا بخەینەڕوو ئاماژە بۆ کۆی گشتی سەرجەم قۆناغەکان لە ناوچەی توێژینەوە دەکەین، بەهای پێوانەیی(Z- score) بۆ قۆناغەکانی فێرکاری بەگشتی لە شاری سەیدسادق دەگاتە (3.336819-)، واتە کەوتۆتە دەرەوەی چوارچێوەی بەهای ڕەخنەییەوە(Critical Value) (2.58– تا 2.58+)، لە بەرئەمەش گریمانەی پرەنسیپی ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی شوێن گرەوە پەسەند دەکەین کە دەڵێت کۆمەڵێك هۆکاری دیاریکراو ئەم شێوازەی دروستکردووە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بەهای پێوانەیی( Z- score) کەوتە نێوان (2.58– تا 2.58+)، ئەو کات شێوازی دابەشبوونەکە هەرەمەکییە و هیچ جۆرە شیکردنەوەیەك هەڵناگرێت.

سەبارەت بە شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری بەگشتی پاش بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc GIS 10.8 ) و هاوکێشەی نزکترین دراوسێ بۆمان ڕوون

دەبێتەوە کەوا بەهای نزکترین دراوسێی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە دا دەگاتە(0.73) هەر بەپێی ئەم بەهایە دەتوانین بڵێین شێوازی دابەشبوونەکەشی شێوازی ( مەیلە و هەڕەمەکی)ە، وەکو لە شێوەی (1) نیشاندراوە.

ئەم شێوازی ئەوە دەگەیەنێت دووری نێوان دامەزراوە فێرکارییەکان دووریەکی یەکسان نیە، هەندێکیان لەیەك نزیکن و هەندێکی تریان لەیەك دوورن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەموو دامەزراوەکان لەیەك شوێندا کۆنەبونەتەوە، بەڵکو لە شێوەی چەند تۆپەڵێك (هێشوو) دەردەکەون لەچەند گەڕەکێکی ناوچەی توێژینەوە، بەڵام هەرچی بەهای مەعنەویشە (Significant Level) کە بۆ هەڵبژاردنی فاکتەری پشت ڕاستکەرەوە، دەبینین کەوا سەرجەم قۆناغەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری ئاستی مەعنەوییان دەگاتە(0.01%)ی ئەمەش واتای ئەوەیە بە ڕێژەی (99.9%) ی ئەگەری دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، وەکو جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان لە سەرجەم گەڕەکەکانی شارەکەدا و نەبوونی بینای سەربەخۆ و تایبەت بۆ هەموو قوتابخانە و خوێندنگەکان وادەکات هەندێك بینا دوو تا سێ قوتابخانە و خوێندنگە لەخۆبگرێت، ئەمەش وادەکات لە هەندێك گەڕەك چەندین بینای ئەم خزمەتگوزارییە کۆبێتەوە لەڕووبەرێکی کەمدا، هەروەها فراوانبوونی خێرای شارەکە ودروستبوونی چەندین گەڕەکی نوێ و نەبوونی پلانی دروست بۆ خزمەتکردنی تەواوی گەڕەکەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ بۆ دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە وادەکات ئەم شێوازە دروست بێت، بەڵام لەکاتی باسکردنی سەربەخۆی هەریەك لە قۆناغەکاندا ئەو شێوازە دەگۆڕێت بە ئەو بەهاو نرخەی کە لەهاوکێشەی نزکترین دراوسێ دەست دەکەوێت بۆمان دەسەلمێنێت کە ئەو قۆناغە چ شێوازێکی دابەشبوون لەخۆ دەگرێت، ئەوەش بەم چەند شێوەی لای خوارەوە نیشان دەدرێت:

**خشتەی(2)**


**بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری سەیدسادقدا بۆ ساڵی (2024-2025)**

| خزمەتگوزاری فێرکاری | بەهای نزیکترین دراوسێ | بەهای Z (Z - Score) | بەهای ڕەخنەیی | بەهای P – value |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 1.147006 | 0.562465 | −2.58 تا 2.58 | 0.573799 |
| بنەڕەتی قۆناغی (6-1) | 1.141984 | 1.119944 | −2.58 تا 2.58 | 0.262738 |
| بنەڕەتی قۆناغی (9-7) | 1.181085 | 0.692858 | −2.58 تا 2.58 | 0.488399 |
| بنەڕەتی قۆناغی (1 - 9) | 1.491180 | 2.971469 | −2.58 تا 2.58 | 0.002964 |
| ئامادەیی ئەکادیمی | 1.601376 | 2.818076 | −2.58 تا 2.58 | 0.004831 |
| سەرجەم قۆناغەکان | 0.737049 | -3.336819 | −2.58 تا 2.58 | 0.000847 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: شێوەکانی (1 بۆ 6)**

**شێوەی(1)**

**بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری سەیدسادق بۆ**




**ساڵی (2024-2025)**


**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی ( Arc Map GIS 10.8 ) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزکترین دراوسێ.**

**یەکەم: بەکارهێنانی هاوکۆلکەی نزکترین دراوسێ بۆ شیکردنەوەی شێوازی دابەشبوونی باخچەی منداڵان لە شاری سەیدسادق:**

باخچەکانی منداڵان لە شاری سەیدسادق ژمارەیان (4) باخچەیە دابەشبوون بە سەر گەڕەکەکانی ( فەرمانبەران، کوردستان، هێمن، ڕاپەڕین) ئەمەش بەواتای ئەوەدێت زۆربەی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە بێبەشن لە بوونی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە، لە شێوەی(2) پاش جێبەجێکردنی پێوەری نزکترین دراوسێ دەرکەوتووە کەوا شێوازی دابەشبوونی باخچەکان لە شاری سەیدسادقدا بریتی یە (پەرشوبڵاوی نارێکە) واتە ئەو دووریەی هەیە لەنێوانیاندا یەکسان نیە و بەشێوەیەکی پەرش وبڵاو بەسەر ئەوگەڕەکانەدا دابەشبوون کە ئاماژەمان بۆکرد، ئەو بەهایەش کە کەئەم ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت بریتیە لە (1.14)، پلەی پێوانیش بۆ شێوازی ئەم قۆناغە واتە بەهای(Z) دەگاتە (0.562465) لەبەرئەوەی ئەم بەهایە کەوتۆتە نێوان بەهای ڕەخنەییەوە (2.58− تا 2.58+) بۆیە گریمانەی شوێنگرەوە ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی پەرنسیپی هەڵدەبژێرین و ئەم گریمانەیەش زۆرگرانە شیکردنەوە و ڕاڤەی بۆ بکرێت.

**شێوەی(2)**

**بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی باخچەی منداڵان لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2024-2025)**





**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی ( Arc Map GIS 10.8 ) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزکترین دراوسێ.**

### دووەم: بەکارهێنانی هاوکۆلکەی نزکترین دراوسێ بۆ شیکردنەوەی شێوازی دابەشبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی قۆناغی (1 - 6 ) لە شاری سەیدسادق:

ژمارەی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە (17) قوتابخانەن بە سەر (11) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، لە ئەنجامی جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ بەهاکەی دەگاتە (1.14) پلەی پێوانەی ئەم قۆناغە (Z score) دەگاتە(1.119944) ئەم بەهایەش لەبەرئەوەی دەکەوێتە چوارچێوەی بەهای ڕەخنەییەوە(2.58- تا 2.58+)وەکو قۆناغی پێشوو هیچ جۆرە ڕاڤە و شیکردنەوەیەك هەڵناگرێت بە هۆی ئەوەیگریمانەی پرنسیپی کارایە، بەپشت بەستن بە بەهاو ئەنجامی هاوکێشەکە بۆمان دەردەکەوێت کەوا شێوازی دابەشبوونی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغەش شێوازی (پەرشوبڵاوی ناڕێك)ە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەم قوتابخانانە بە شێوەیەکی بڵاو و بەناڕێکی بەسەر هەندێك لەگەڕەکەکانی شارەکەدا دابەشبوون، وەك لە شێوەی(3) دەردەکەوێت.

**شێوەی(3)**

**بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی قۆناغی (1-6) لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2024-2025)**





**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc Map GIS 10.8 ) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزکترین دراوسێ.**

### سێیەم: شێوازی دابەشبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی قۆناغی (7-9 )لە شاری سەیدسادق:

سەبارەت بەم قۆناغەی خوێندن ژمارەی قوتابخانەکانی(4) قوتابخانەیە و بەسەر (4) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، پاش جێبەجێکردنی بەهای نزکترین دراوسێ لە سەر قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە وەکو لە خشتەی(2) هاتبوو، بەهای نزکترین دراوسێ دەگاتە(1.18) و پلەی پێوانەی ئەم قۆناغەش(Z score) دەگاتە(0.692858) ئەم بەهایەش دەکەوێتە چوارچێوەی بەهای ڕەخنەییەوە(2.58— تا 2.58+) لەبەرئەوە هیچ شیکردنەوەیەکی بۆناکرێت چونکە گریمانەی پرنسیپی کارایە، ئەو شێوازەی کەوا بەهاکان و دابەشبوونی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە دروستی دەکەن بریتییە لە شێوازی(پەرشوپڵاوی ناڕێك)ە، وەك لە شێوەی(4) دەردەکەوێت.

**شێوەی(4)**


**بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی قۆناغی (7-9) لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2024-2025)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی ( Arc Map GIS 10.8) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزکترین دراوسێ.**

**شێوەی(5)**

**بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی قۆناغی (1-9) لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2024-2025)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی ( Arc Map GIS 10.8) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزکترین دراوسێ.**

### چوارەم: بەکارهێنانی هاوکۆلکەی نزکترین دراوسێ بۆ شیکردنەوەی شێوازی دابەشبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی قۆناغی (1-9 )لە شاری سەیدسادق:


ئەم قۆناغەی خوێندن لەڕووی ژمارەی قوتابخانەوە ژمارەیان (10) قوتابخانەیە و بەسەر(7) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، بەهای نزیکترین دراوسێ دەگاتە (1.49) پلەی پێوانەی (Z score) دەگاتە(2.971469) کە ئەم بەهایە کەوتۆتە دەرەوەی چوارچێوەی بەهای ڕەخنەییەوە(2.58- تا 2.58+) لەبەرئەوە گریمانەی ڕەنسیپی ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی شوێن گرەوە پەسەند دەکەین کە دەڵێت هۆکاری ئاراستەکراو لەپشت ئەم شێوازەوەیە کە بریتییە لە شێوازی (پەرشوبلاوی ناریك)ە، هەرچی ئاستی بەهای مەعنەویش(Singificant Level) بۆ ئەم قۆناغە دەگاتە (0.01%) ئەمەش واتای ئەوەیە بەڕێژەی(99.9%)ی هۆکاری کاریگەر ئەوشێوەیان دروستکردووە، وەکو کەمی ژمارەی قوتابخانەکان و دووری ئەو گەڕەکانەی کە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغەی تێدایە تاڕادەیەك لە کەناری شاردا هەڵکەوتوون کارێکی ئاسان نییە قوتابی ڕۆژانە بەو تەمەنە کەمەوە ڕێگایەکی دوور ببڕیت بۆ گەیشتن بە قوتابخانەکان، هۆکارێکی تر نەبوونی بینا زۆری ژمارەی قوتابی وادەکات ئەم قۆناغەی (1-9) دروست بێت، چونکە زۆربەی قوتابخانەکان دوو دەوامن، وەکو لە شێوەی(5) دیارە.

### پێنجەم: بەکارهێنانی هاوکۆلکەی نزکترین دراوسێ بۆ شیکردنەوەی شێوازی دابەشبوونی خوێندنگە ئامادەییە ئەکادیمییەکان لە شاری سەیدسادق:

پاش جیبەجیکردنی بەهای نزکترین دراوسێ لە سەر خوێندنگە ئامادەییە ئەکادمییەکان بەهای نزیکترین دراوسێ دەگاتە (1.60) و پلەی پێوانەی ئەم قۆناغەش (Z score) دەگاتە(2.818076) ئەم بەهایەش کەوتۆتە دەرەوەی چوارچێوەی بەهای ڕەخنەییەوە(2.58- تا 2.58+) لەبەرئەوە گریمانەی ڕەنسیپی ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی شوێن گرەوە پەسەند دەکەین، واتە هۆکاری دیاریکراو لە پشت دروستبوونی ئەم شێوازەوەیە کە ئەویش شێوازی(شێوازی پەرشوبلاوی نارێك)ە، سەبارەت بە ئاستی بەهای مەعنەویش(Singificant Level) بۆ ئەم قۆناغە دەگاتە (0.01%) ئەمەش واتای ئەوەیە بەڕێژەی(99.9%)ی هۆکاری کاریگەر ئەوشێوەیان دروستکردووە، وەکو کەمی ژمارەی خوێندنگەکان و دووری ئەو گەڕەکانەی کە خوێندنگەکانی ئەم قۆناغەی تێدایە تاڕادەیەك لە کەناری شاردا هەڵکەوتوون کارێکی ئاسان نیە خوێندکار ڕۆژانە ڕێگایەکی دوور ببڕیت بۆ گەیشتن بە خوێندنگەکان، هۆکارێکی تر نەبوونی بینا و زۆری ژمارەی خوێندکار وادەکات زۆربەی خوێندنگەکان دوو دەوامیان تێدابکرێت ، وەکو لە شێوەی(6) دیارە.

**شێوەی(6)**

**بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگە ئامادەییە ئەکادمییەکان لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2024-2025)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی ( Arc Map GIS 10.8) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزکترین دراوسێ.**

## باسی سێیەم:
## شیکردنەوەی پشتێنەی کاریگەر (Effect zone) بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری سەیدسادق:

پشتێنەی کاریگەر بە یەکێك لە گرنگترین شێوازەکانی شیکردنەوەی شوێنی دادەنرێت، لە سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکاندا، بۆ پێوانەکردنی ماوەی ڕووبەر کاریگەر لە نێوەندە خزمەت گوزارییەکاندا، ئەمەش بە کێشانی پشتێنەیەك لە دووریەکی دیاریکراو بە دەوری ناوەندە خزمەتگوزارییەکانەوە دەبێت(کاکەڕەش، 2019؛ 144)، واتە سنوری شوێنی پێشەکەشکردنی خزمەتگوزارییەکەیە بە پێی ئەو دووریەی کە وەك پێوەر دیاریکراوە ، ئەمەش لە شێوەی بازنەدایە کە ناوەڕاستی بازنەکە خزمەتگوزارییەکە و دەوروبەرەکەشی ئەو دوریە کە لە نێوان خزمەتگوزاریەکە و ناوچەی نیشتەجێبوون هەیە، واتە بازنەکە ئەوسنورەمان پیشان دەدات کە خزمەتگوزارییەکە دەیگرێتەوە(الجميعي، 2022؛ 134)، کەواتە ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر بە ناوچانە پێناسە دەکرێت کە سوود لە خزمەتگوزارییەکان وەردەگرێت لە کاتێك و مەودایەکی دیاریکراودا(ابوصلاح، 2016؛ 30)، ئەم پێوەرە بەکاردیت بۆ نیشاندانی کەم وکوڕییەکان لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان و جیاکردنەوەی ئەوناوچانەی کە سوودمەندن لە خزمەتگوزارییەکە و ئەوناوچانەی کەبێ بەشن لە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان(محمد، 2022؛ 102)، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە (پێوەری دووری) دەبەسترێت کەوا (منداڵی باخچە وقوتابی و خوێندکار) دەیبڕێت لە نێوان شوێنی نیشتەجێبوون و دامەزراوەی فێرکارییەکاندا، پیوەری دووری ئەوەی کەوا لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە دانراوە، بۆ باخچەی منداڵان (150-300)م دانراوە، قۆناغی بنەڕەتی(1-6) (300-400)م، قۆناغی بنەڕەتی(7-9) (500-700)م، قۆناغەکانی ئامادەیی ئەکادیمی و ئامادەیی پیشەیی و دواناوەندی دووری نێوان شوێنی نیشتەجێبوون و خوێندنگە (800-1000)م، بۆگەیشتن بە ئامانجی ئەم باسە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم پێوەرەدا لە نێوان ئەو دوو ژمارەی دووریەدا بۆ سەرجەم قۆناغەکان ناوندی دووریمان وەگرتووە، جگە لە باخچەی منداڵان کە (300)م وەك پێوەری دووری دانراوە بۆ ئەم پشتێنەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری منداڵان بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ دەکەن، واتە بۆ قۆناغی (1-6) (350)م ،قۆناغی بنەڕەتی(7-9) (600)م ، قۆناغی بنەڕەتی (1-9) ناوەندی دووری نێوان هەردوو قۆناغی(1-6) و قۆناغی(7-9) مان وەرگرتووە کە دەکاتە (475)م ، بۆ هەریەکە لە قۆناغەکانی ئامادەیی ئەکادیمی و ئامادەیی پیشەیی(900)م دانراوە، (صفر، 2015؛ 230-233)

**خشتەی(3)**

**بەهای پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی(2024-2025)**

| جۆری خزمەتگوزاری | ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر لە ناو سنووری شارەوانی سەیدسادق/ هێکتار | % ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر لە ناو سنووری شارەوانی بە گوێرەی ڕووبەری شارەکە | % پێبەشی ڕووبەری شارەکە لە پشتێنەی کاریگەر | ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر لە دەرەوەی سنووری شارەوانی سەیدسادق/ هێکتار | ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر لە ناوەوە و دەرەوەی سنووری شارەوانی شارەکە/ هێکتار |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 113.0 | 5.68 | 94.32 | - | 113.0 |
| ق.بنەڕەتی (1-6) | 606.9 | 30.5 | 69.5 | 46.6 | 653.5 |
| ق.بنەڕەتی (7-9) | 432.6 | 21.7 | 78.3 | 19.3 | 451.9 |
| ق.بنەڕەتی (1-9) | 634.9 | 31.9 | 68.1 | 73.2 | 708.1 |
| ئامادەیی ئەکادیمی | 1242.3 | 62.4 | 37.6 | 283.2 | 1525.5 |
| ئامادەیی پیشەیی | 226.1 | 11.36 | 88.64 | 28.1 | 254.2 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:**

**1. بەکارهێنانی پرۆگرامی(Arc map GIS 10.8) و جێبەجێکردنی هاوکێشەی پشتێنەی کاریگەر(Baffer).**

لە پێناو گەیشتن بە نواندنی ئەو پشتێنەیە بۆ سەرجەم قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لە شاری سەیدسادقدا پشتمان بەستووە بە (Buffer) لە لیستی (Promimixty) لە ناولیستی ئامرازەکانی شیکردنەوەی(قائمة أدوات التحليل) (Analysis tools) لە پرۆگرامی (Arc GIS)، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە بزانین ئاستی خزمەتکردنی دووروبەری بە پێی پێوەرەکە تا چەند لە گەڕەکەکاندا و ئەو گەڕەکانەش کەوا ئەم پشتێنە دەیانگرێتەوە کامانەن و دەستنیشان بکرێن و ڕادەی کاریگەرییان لە ناوچەکان و گەڕەکەکانی دووروبەر چەندە بەپێی قۆناغەکانی خوێندن، بەسەرنجدان لە خشتەی(3) بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەم شێوەی لای خوارەوە:


## یەکەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان:

1.ڕووبەری گشتی پشتێنەی کاریگەربۆ باخچەی منداڵان(113.0) هێکتارە، هەموو ڕووبەرەکەی دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانیەوە و هیچ بەشێکی ناکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکە، ئەمەش ڕێژەی (5.68%) لەڕووبەری شارەی سەیدسادق پێك دێنێت و خزمەتی دەکات، واتە زۆربەی ڕووبەری شارەکە کە ڕێژەی(94.32%) شارەکە خزمەتگوزارییە تێدا بەدی ناکرێت ڕووبەری پشتێنەکە نایگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ژمارەی ئەم خزمەتگوزارییە زۆر کەمە لە شارەکەدا، بۆیە ئەوگەڕەکانەی کە پشتێنەکە نایان گرێتەوە و منداڵانەنیان بە پیادە دەڕۆن بۆ باخچە پێویستیان بە کات و ماندوبوونێکی زیاترە بەراورد بەو گەڕەکانەی کە دەکەونە ناو سنوری پشتێنەی کاریگەرەکە، هەر لەبەر ئەمەشە بەشێکی زۆر منداڵانی ئەم قۆناغە بە ئۆتۆمبیل هاتوچۆدەکەن.

2. ئەو گەڕەکەکانی کەوا پشتێنەی کاریگەری باخچەی منداڵان دەیان گرێتەوە ژمارەیان(8) گەڕەکە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی(34.8%) لەکۆی گەڕەکەکانی شارەکە کە ژمارەیان(23) گەڕەکە، گەڕەکەکانیش بریتین لە (فەرمانبەران، بەختیاری، هێمن، نەورۆز، ڕاپەڕین، ئازادی، کوردستان، ئاشتی)، بەڵام مەرج نیە هەموو ئەم گەڕەکانە بەشی زۆری پشتێنەکەی بەرکەوێت، بەڵکو جیاوازییان هەیە و جگە لە گەڕەکی(کوردستان) لە باشوری ڕۆژئاوای شارەکە بەشێکی زۆری ڕووبەری گەڕەکەکە ئەم پشتێنەیە دەگرێتەوە، سەرجەم گەڕەکەکانی تر تەنها بەشێکی کەم لە ڕووبەرەکەنیان ئەم پشتێنەیە دەگرێتەوە، هەروەها ئەوانەشی ئەم پشتێنە نایان گرێتەوە ژمارەیان (15) گەڕەکە، ئەمەش ڕێژەی (65.2%) لە کۆی گەڕەکەکانی شارەکەیە، هۆکاری ئەمەش لەلایەکەوە بۆ کەمی ژمارەی باخچەی منداڵان و لەلایەکی ترەوە بۆ دووری و لێك جیای زۆر لەنێوان باخچەکاندا دەگەڕێتەوە، چونکە بەشێك لە باخچەکان کەوتوونەتە گەڕەکەنوێیەکانی شارەکەوە و کەمترین ژمارەی گەڕەك لێی سوود مەند دەبێت بەراورد بەو باخچانەی کە کەوتوونەتە ناوجەرگەی شارەکەوە کەچەندین گەڕەك سوود مەند دەبێت لێی، جگە لەوەش هیچ گەڕەکێك نیە دووپشتوێنە لەخۆ بگرێت ئەمەش بەهۆی دووری باخچەکانە لەیەکتر لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شارەکە، وەك لە نەخشەی(3) دیارە.

**نەخشەی(3)**

**پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2024-2025)**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەرنامەی (Arc GIS10.8 Analysis-Proximity-Buffer). پشت بەست بە:**

**1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**2.. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرێتی شارەوانی سەیدسادق، بە شی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**3. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە لە ڕێکەوتی 2/1 بۆ 2025/2/10.**


## دووەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانەی بنەڕەتییەکانی قۆناغی (1-6):

1. ڕووبەری گشتی پشتێنەی کاریگەربۆ ئەم قۆناغەی خوێندن(653.3) هێکتارە، لەو ڕووبەرە (606.9)هێکتاری دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانیەوە، کە ڕێژەی (30.5%) لەڕووبەری شارەکە پێکدەهێنێت و خزمەت بەدانیشتوان دەکات، بەم پێیەش ڕێژەی (69.5%) ڕووبەری شارەکە بێ بەشە لەم خزمەتگوزارییە، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە بەزۆری لە ناوەڕاست و سەنتەری شاردان، هەروەها (46.6) هێکتار ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شاری سەیدسادق، هۆکاری ئەمەش لەلایەکەوە بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە هەندێك لە قوتابخانەکان لە نزیك سنوری شارەوانی دامەزراون و لەلایەکی ترەوە بۆ فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە دەگەڕێتەوە،کە بۆتە هۆی بەدیلکردنی چەندین گوندی دەوروبەری شارەکە، بۆیە بەشێك لە پشتێنەی خزمەتگوزارییەکان دەکەویتە دەروەی سنوری شارەوانی شارەکە.

2. پشتێنەی کاریگەری قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی(1-6) زۆرێك لە گەڕەکەکانی شارەکە دەگرێتەوە، کە ژمارەیان(21) گەڕەکە، کە دەکاتە ڕێژەی (91.3%) لە کۆی گەڕەکەکانی شارەکەیە، هەریەك لە گەڕەکەکانی(شانەدەری سەروو، شانەدەری خواروو، جوتیاران، حاجی نامیق، فەرمانبەران، بەختیاری، هەواری تازە، بەرکێو، ڕزگاری، نیشتمان، خانزاد، هێمن، حاجی قادر، ڕۆژهەڵات، نەورۆز، ڕاپەڕین، ئازادی، کوردستان، ئاشتی، سەروەران، سەراوی سەروو) دەگرێتەوە، بە ڕێژەی جیاواز چونکە بە شێك لەم گەڕەکانە ڕووبەرێکی کەمیان پشتێنەکە دەیانگرێتەوە، بەڵام هەندێکی تریان زیاتر لە پشتوێنەیەك دەیان گرێتەوە بە تایبەت ئەوگەڕەکانە لە ناوەڕاستی شاردان، هۆکاری ئەمەش بۆ کۆبونەوەی قوتابخانەکان بە شێوەیەکی نارێك لە دەوری یەکتر و بچووکی ڕووبەری گەڕەکەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەو گەڕەکانەش کە ئەم پشتێنەیان پێ ناگات و نایان گرێتەوە ژمارەیان تەنها (2) گەڕەکە، واتە ڕێژەی (8.7%) لە کۆی گەڕەکەکانی شارەکەیە، ئەوانیش بریتین لە گەڕەکەکانی(ناوچەی پیشەسازی دوو، سەراوی خواروو)، وەك لە نەخشەی(4) هاتووە.

**نەخشەی(4)**

**پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (1-6) لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2024-2025)**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەرنامەی (Arc GIS10.8 Analysis-Proximity-Buffer). پشت بەست بە:**

**1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**2.. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕیوەبەرێتی شارەوانی سەیدسادق، بە شی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**3. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە لە ڕێکەوتی 2/1 بۆ 2025/2/10.**


### سێیەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانەی بنەڕەتییەکانی قۆناغی (7-9):

1. ڕووبەری گشتی پشتێنەی کاریگەربۆ ئەم قۆناغەی خوێندن(451.9) هێکتارە، لەو ڕووبەرە (432.6) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانیەوە، ڕێژەی (21.7%) لە کۆی ڕووبەری شارەکە پێکدەهێنێت و ئەم خزمەتگوزارییە دەیگرێتەوە، وە ڕێژەی (78.3%) ڕووبەری شارەکە بێ بەشە لەم خزمەتگوزارییە، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە ژمارەیان زۆر کەمە کەتەنها (4) قوتابخانەن، وە بە شێوەیەکی ناهاوسەنگیش بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا دابەشبوون، هەروەها (19.3) هێکتار ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شاری سەیدسادق، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە هەندێك لە قوتابخانەکان لە نزیك سنوری شارەوانی دامەزراون.

2. ژمارەی ئەو گەڕەکانەی کە لە ژێرکاریگەری ئەم پشتینەدان (17) گەڕەکە، ئەمەش ڕێژەی (74%) گەڕەکەکانی شارەکە دەگرێتەوە، گەڕەکەکانیش بریتین لە (جوتیاران، حاجی نامیق، ناوچەی پیشەسازی دوو، فەرمانبەران، بەختیاری، ڕزگاری، نیشتمان، بەرکێو، حاجی قادر، ڕۆژهەڵات، هەواری تازە، خانزاد، هێمن، ڕاپەڕین، ئازادی، کوردستان، ئاشتی) هەموو ئەم گەڕەکانەش بەتەوای پشتێنەکە نایان گرێتەوە، بەڵکو جیاوازییان هەیە گەڕەك هەیە بەشێکی کەمی پشتێنەکەی پێ دەگات وەکو گەڕەکەکانی(جوتیاران، حاجی نامیق، ناوچەی پیشەسازی دوو، ڕزگاری، نیشتمان، بەرکێو، ڕۆژهەڵات، هەواری تازە، هێمن)، هەروەها هەندێك گەڕەك زیاتر لە پشتێنەیەکیان دەیان گرێتەوە وەکو گەڕەکەکانی (ئازادی، کوردستان)، ئەو گەڕەکانەشی کەوا ئەم پشتێنەیە ناگات بەسنورەکەیان ژمارەیان(6) گەڕەکە، واتە ڕێژەی(26%) ئەوانیش گەڕەکەکانی(شانەدەری سەروو، شانەدەری خواروو، سەروەران، سەراوی سەروو، سەراوی خواروو)، وەك لە نەخشەی(5) دیارە.

**نەخشەی(5)**

**پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (7-9) لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2024-2025)**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەرنامەی (Arc GIS10.8 Analysis-Proximity-Buffer). پشت بەست بە:**

**1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**2.. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕیوەبەریتی شارەوانی سەیدسادق، بە شی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**3. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە لە ڕێکەوتی 2/1 بۆ 2025/2/10.**


## چوارەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانەی بنەڕەتییەکانی قۆناغی (1-9):

1. ڕووبەری گشتی پشتێنەی کاریگەربۆ ئەم قۆناغەی خوێندن(708.1) هێکتارە، لەو ڕووبەرە (634.9) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانیەوە، ڕێژەی (31.9%) لە کۆی ڕووبەری شارەکە پێکدەهێنێت، ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە ڕێژەی (68.1%) شارەکە بێ بەشە لە پشتێنەی ئەم خزمەتگوزارییە، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە بە شێکی زۆریان لێك نزیکن و سەرجەم ڕووبەری گەڕەکەکانی شارەکیان نەگرتۆتەوە، هەروەها (73.2) هێکتار ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شاری سەیدسادق، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە هەندێك لە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە دەکەونە گەڕەکە نوێیەکانی شارەکە.

2. ژمارەی ئەو گەڕەکانەی کە لە ژێرکاریگەری ئەم پشتینەدان (16) گەڕەکە، ئەمەش ڕێژەی (69.6%) کۆی گەڕەکەکانی شارەکەیە، گەڕەکەکانیش بریتین لە (شانەدەری خواروو، جوتیاران، حاجی نامیق، ناوچەی پیشەسازی دوو، هەواری تازە، هێمن، بەرکێو، خانزاد، ڕۆژهەڵات، نەورۆز، ڕاپەڕین، ئازادی، ئاشتی، سەروەران، سەراوی سەروو، سەراوی خواروو) هەموو ئەم گەڕەکانەش وەك یەك پشتێنەکە نایان گرێتەوە، بەڵکو جیاوازییان هەیە گەڕەك هەیە بەشێکی کەمی پشتێنەکەی پێ دەگات وەکو گەڕەکەکانی(شانەدەری خواروو، جوتیاران، حاجی نامیق، ناوچەی پیشەسازی دوو، هەواری تازە، بەرکێو، ڕۆژهەڵات،ڕاپەڕین، سەروەران، سەراوی خواروو، سەراوی سەروو)، هەروەها هەندێك گەڕەك زیاتر لە پشتێنەیەکیان دەیان گرێتەوە وەکو گەڕەکەکانی (ڕۆژهەڵات، نەورۆز ڕاپەڕین)، ئەو گەڕەکانەشی کەوا ئەم پشتێنەیە نایان گرێتەوە ژمارەیان(7) گەڕەکە، واتە ڕێژەی(30.4%) گەڕەکەکانی شارەکە پشتێنەکەیان پێ ناگات، گەڕەکەکانیش بریتین لە (شانەدەری سەروو، فەرمانبەران، بەختیاری، ڕزگاری، نیشتمان، حاجی قادر، کوردستان)، وەك لە نەخشەی(6) دیارە.

**نەخشەی(6)**

**پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (1-9) لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2024-2025)**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەرنامەی (Arc GIS10.8 Analysis-Proximity-Buffer). پشت بەست بە:**

**1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**2.. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕیوەبەریتی شارەوانی سەیدسادق، بە شی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**3. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە لە ڕێکەوتی 2/1 بۆ 2025/2/10.**

## پێنجەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگەی ئامادەیە ئەکادمییەکان:


1. خویندنگەی ئامادەییە ئەکادمییەکان بەراورد بە هەموو قۆناغەکانی تری ناوچەی توێژینەوە ئەو پشتێنەی کەوا دروستی دەکات ڕووبەرێکی فراوانتر دەگرێتەوە، ڕووبەری گشتی پشتێنەکە دەگاتە (1525.5) هێکتارە، لەو ڕووبەرە (1242.3) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانیەوە، ڕێژەی (62.4%) لە کۆی ڕووبەری شارەکە پێکدەهێنێت، وە ڕێژەی (37.6%) شارەکە بێ بەشە لە پشتێنەی ئەم خزمەتگوزارییە، هەروەها (283.2) هێکتار ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شاری سەیدسادق، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە

هەندێك لە خوێندنگەكانی ئەم قۆناغە دەكەونە گەڕەكە نوێیەكانی شارەكە و لە دەوروبەری شارەكە دامەزراون، ئەم ڕووبەرە سوودێكی ئەتۆی بۆ دانیشتوانی شارەكە نابێت لە ئێستادا.

2. ژمارەیەكی زۆر لە گەڕەكانەی شارەكە لە ژێركاریگەری ئەم پشتینەدان كە ژمارەیان (21) گەڕەكە، ئەمەش ڕێژەی (91.3%) گەڕەكەكانی شارەكەیە، گەڕەكەكانیش بریتین لە (جوتیاران، حاجی نامیق، ناوچەی پیشەسازی دوو، هەواری تازە، فەرمانبەران، بەختیاری، ڕزگاری، نیشتمان، بەركێو، خانزاد، هێمن، حاجی قادر، ڕۆژهەڵات، نەورۆز، ڕاپەڕین، ئازادی، كوردستان، ئاشتی، سەروەران، سەراوی سەروو، سەراوی خواروو) هەموو ئەم گەڕەكانەش وەك یەك پشتێنەكە نایان گرێتەوە، بەڵكو جیاوازییان هەیە چەندین گەڕەك بە تەواوی ڕووبەرەكانیان كەوتۆتە ژێرپشتێنەی خزمەتگوزاریەكەوە وەكو گەڕەكەكانی(فەرمانبەران، بەختیاری، نیشتمان، ڕۆژهەڵات، ئازادی، كوردستان)، هەندێك گەڕەكی تر بەشێكی كەمی ڕووبەرەكەیان لە ژێر كاریگەری پشتوێنەكەدا وەكو گەڕەكەكانی(جوتیاران، حاجی نامیق، ناوچەی پیشەسازی دوو، هەواری تازە، سەروەران، سەراوی سەروو) هەروەها هەندێك گەڕەك زیاتر لە پشتێنەیەكیان دەیان گرێتەوە وەكو گەڕەكەكانی (هێمن، خانزاد، ڕۆژهەڵات، نەورۆز ڕاپەڕین، ئازادی، كوردستان، ئاشتی)، ئەو گەڕەكانەشی كەوا ئەم پشتێنەیە نایان گرێتەوە ژمارەیان تەنها(2) گەڕەكە، واتە ڕێژەی(8.7%) گەڕەكەكانی شارەكە ئەم پشتێنەیان پێ ناگات، گەڕەكەكانیش(شانەدەری سەروو، شانەدەری خواروو)، وەك لە نەخشەی(7) هاتووە.

**نەخشەی(7)**

**پشتێنەی كاریگەر بۆ خوێندنگەی ئامادەییە ئەكادمییەكان لە شاری سەیدسادق بۆ سالی (2024-2025)**



سەرچاوە: كاری توێژەر بە بەرنامەی (Arc GIS10.8 Analysis-Proximity-Buffer). پشت بەست بە:

1.حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، داتای بڵاونەكراوە، سالی 2024.

2.. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرێتی شارەوانی سەیدسادق، بە شی نەخشەدانان، داتای بڵاونەكراوە، سالی 2024.

3.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنی گەردوونی دامەزراوە فیزكارییەكان لە لە ڕێكەوتی 2/1 بۆ 2025/2/10.

4. بەكارهێنانی بەرنامەی (Arc GIS10.8 Analysis-Proximity-Buffer).


## شەشەم: پشتێنەی كاریگەر بۆ خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی:

1.ڕووبەری پشتێنەی كاریگەر بۆئەم قۆناغەی خوێندن(254.2) هێكتارە، بە جۆرێك(226.1) هێكتاری پشتوێنەكە، بە ڕێژەی(11.36%) لەكۆی گشتی ڕووبەری شارەكە دەكەوێتە ناوسنوری شارەوانی شارەكەوە، بەم پێیەش ڕێژەی(88.64) شارەكە بێبەشە لەم پشتێنەیەی خزمەتگوزارییە، هۆكاری ئەم ڕێژە بەرزەش بۆ بۆئەوە دەگەڕێتەوە ژمارەی خوێندنگەكانی ئەم قۆناغانە كەمە و تەنها(1) یەك خوێندنگەیە لە شارەكەدا، بۆیە كەمترین خزمەت بەدانیشتوانی شارەكەدەكات، هەروەها (28.1) هێكتار لە ڕووبەری پشتێنەی كاریگەر دەكەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شاری سەیدسادق.

2. ژمارەی ئەو گەڕەكانەی كە لە ژێركاریگەری ئەم پشتینەدان (7) گەڕەكە، ئەمەش دەگاتە ڕێژەی (30.4%) گەڕەكەكانی شارەكە، گەڕەكەكانیش بریتین لە (بەركێو، هەواری تازە، خانزاد، هێمن، ڕاپەڕین، ئازادی، كوردستان) هەموو ئەم گەڕەكانەش وەك یەك پشتێنەكە نایان گرێتەوە، بەڵكو جیاوازییان هەیە تەنها گەڕەكی(خانزاد) سەرجەم ڕووبەرەكەی دەكەوێتە ژێر كاریگەری ئەم پشتێنەویەوە، سەرجەم گەڕەكەكانی تر بەشێك لە ڕووبەری پشتێنەكەیان پێدەگات، هەروەها ئەو گەڕەكانەشی كەوا ئەم پشتێنەیە نایان گرێتەوە بێ بەشن لەم پشتێنەیە ژمارەیان(16) گەڕەكە، ئەمەش ڕێژەی (69.6%) گەڕەكانی شارەكەیە، وەك لە نەخشەی(8) دیارە.

**نەخشەی(8)**

**پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگەی ئامادەیە پیشەیی لە شاری سەیدسادق بۆ ساڵی (2025-2024)**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەرنامەی (Arc GIS10.8 Analysis-Proximity-Buffer). پشت بەست بە:**

**1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**2.. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕیوەبەریێتی شارەوانی سەیدسادق، بە شی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.**

**3. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە لە ڕێکەوتی 2/1 بۆ 2025/2/10.**

## دەرئەنجامەکان

1. لە ئەنجامی بە کارهێنانی هاوکۆلکەی نزیکترین دراوسێ بۆ شیکاری شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە بۆمان دەرکەوتووە کە چەند شێوازێکی جیاواز لە دابەشبوون دەبینرێت، بەجۆرێك بەهای نزکترین دراوسێی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە دا بە شێوەیەکی گشتی دەگاتە(0.73)، ئەم بەهایەش سەلمێنەری ئەوەیە کە شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزرایی فێرکاری ناوچەی توێژینەوە ( مەیلە و هەڕەمەکی)ە، ئەم شێوازی دابەشببوونەش ئەوە دەگەیەنێت کە دووری نێوان دامەزراوە فێرکارییەکان دووریەکی یەکسان نیە، بەڵکو هەندێکیان لەیەکەوە نزیکن و هەندێکی تریان لەیەکەوە دوورن، واتە بە شێوەیەکی نارێك دابەشبوون، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەموو دامەزراوەکان لەیەك شوێندا کۆنەبونەتەوە، بەڵکو لە شێوەی چەند تۆپەڵێك (هێشوو) دەردەکەون لەچەند گەڕەکێکی ناوچەی توێژینەوە، بەڵام بۆ سەرجەم قۆناغەکانی تری خزمەتگوزارییەکە وەکو (باخچەی منداڵان) وقۆناغی(1-6) وقۆناغی(7-9) وقۆناغی(1-9) و ئامادەیی ئەکادیمی شێوازی دابەشبوونەکەیان (پەرشوبڵاوی نارێکە).

2. بە گوێرەی نەخشەکانی پشتێنەی کاریگەر کە بۆهەریەك لە قۆناغە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی ناوچەی توێژینەوە جیاوازی و نارێکی لەدابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە دەبینرێت، واتە رووبەری پشتێنەی کاریگەر جیاوازی هەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەجۆرێك:

أ. قۆناغی ئامادەیی ئەکادیمی پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بە داپۆشینی زۆرترین ڕووبەری شارەکە بە ڕێژەی(62.4%) لە کۆی ڕووبەری شارەکە، واتە تەنها ڕێژەی(37.6%) شارەکە بێ بەشە لە پشتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزارییە، ژمارەیەکی زۆر لە گەڕەکانەی شارەکە لە ژێرکاریگەری ئەم پشتینەدان، ئەمەش دەگاتە ڕێژەی (91.3%) لە کۆی ژمارەی گەڕەکەکانی شارەکە، تەنها دوو گەڕەکی شارەکە ئەم پشتینەیان پێناگات، کە ڕێژەی (8.7) گەڕەکەکانی شارەکە پێك دەهێنن، گەڕەکەکانیش بریتین لە(شانەدەری سەروو، شانەدەری خواروو).

ب. دواتر قۆناغی(1-9 ) بەڕێژەی (31.9%) پاشان قۆناغەکانی (1-6) بەڕێژەی (30.5%) و قۆناغی(7-9) بەڕێژەی(21.7%) لە کۆی گشتی ڕووبەری شارەکەیان داپۆشیوە، بەڕێژەی (68.1%) و(69.5%) و(78.3%) بەدوای یەکدا شارەکە بێ بەشە لە پشتێنەی کاریگەر لەکۆی ڕووبەری گشتی شارەکە، هەروەها بەیەکداچوونێکی چڕ لە نێوان بازنەکانی پشتێنەی کاریگەری قۆناغی(1-6) هەیە، بەتایبەت لەوگەڕەکانەی لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای شارەکەدان، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە لە یەك نزیکن، زۆرینەی گەڕەکەکانی شارەکە بە ڕێژەی (91.3%) پشتێنەی ئەم قۆناغە دەیان گرێتەوە، تەنها ڕێژەی(8.7%) گەڕەکانی شارەکە پشتێنەی خزمەتگوزاری ئەم قۆناغەیان پێ ناگات، سەبارەت بە پشتینەی کاریگەری قۆناغی (7-9) ڕێژەکان جیاوازن، بەجۆرێك ڕێژەی (74%) گەڕەکەکانی شارەکە پشتێنەکەیان پێ دەگات، ڕێژەی(26%) پشتێنەی خزمەتگوزارییەکەیان پێ ناگات، سەبارەت بە قۆناغی (1-9)ش ئەو گەڕەکەکانی شارەکە کە پشتێنەی کاریگەرییان پێ دەگات ڕێژەیان دەگاتە(69.6%) لە کۆی ژمارەی گەڕەکەکانی شارەکە، ئەوانەشی پشتێنەیان پێناگات ڕێژەی (30.4%) گەڕەکانی شارەکە پێك دەهێنن، کەواتە ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغانەی خوێندن لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی شارەکە جیاوازە، بە جۆرێك هەندێك گەڕەك زۆرینەی ڕووبەرەکەی پشتینەکەی پێ دەگات، هەندێکی گەرەکی تر ڕووبەرێکی کەمی پشتێنەکەیان پێدەگات، هۆکاری ئەمەش بۆ ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغانە دەگەڕێتەوە.

پ. قۆناغەکانی ئامادەیی پیشەیی و باخچەی منداڵان کەمترین ڕووبەری پشتێنەی کاریگەرییان هەیە لە شارەکەدا بەڕێژەی(11.36%) و(5.68) بە دوای یەکدا، بە واتایەکی تر زۆرینەی ڕووبەری شارەکە پشتینەی خزمەتگوزارییەکە نایان گرێتەوە بە ڕێژەی(88.64%) و(94.32%) بە دوای یەکدا لە کۆی ڕووبەری گشتی شارەکە، هۆکاری ئەم ڕێژە بەرزانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەی دامەزراوە فێرکارییەکانی

ئەم قۆناغانە کەمن و تەنها (1) ئامادەیی پیشەیی و (4) باخچەی منداڵان لە شارەکەدا بوونی هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تەنها ڕێژەی(30.4%) گەڕەکانی شارەکە پشتێنەی خزمەتگوزاری ئامادەیی پیشەییان پێ بگات، و ڕێژی (69.6%) ی گەڕەکەکانی شارەکە بێ بەشن لە پشتێنەی خزمەتگوزارییەکە، وە ڕێژەی (34.8%) گەڕەکەکانی شارەکە پشتێنەی خزمەتگوزاری باخچەی منداڵان پێ دەگات، ڕێژەی (65.2%) گەڕەکانی شارەکە پشتێنەکەیان پێ ناگات، هۆکاری ئەمەش لە لایەکەوە بۆ کەمی ژمارەی باخچەی منداڵانە لە شارەکەدا و لەلایەکی ترەوە بۆ شوێنی باخچەکان دەگەڕێتەوە کە بە شێوەی دوور لەیەك و لە کەناری شار دامەزراون، مەش بۆتە ئەوەی هۆی ئەوەی نزیکەی دوو لەسەر سێی گەڕەکەکانی شارەکە پشتێنەی خزمەتگوزارییەکەیان پێ نەگات.

## ڕاسپاردەکان

1. پشت بە پێوەرەکانی پلاندانان ببەسترێ بۆ زیادکردنی ژمارەی دامەزراوە فێرکارییەکان، بە جۆرێك کە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان و خوێندکاردا بگونجێ.

2.گرنگیدان بە چۆنیەتی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی شارەکە لە لایەن بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سەیدسادق، بە تایبەت ئەوگەڕەکانەی کە ژمارەکی کەم لە دەمەزراوەی فێرکارییان تێدایە و بەشێوەیەکی ناڕێك دابەشبوون.

2.ڕاوێژ بەکەسانی پسپۆڕ و شارەزا بکرێت لە بواری پلاندانانی شار و خزمەتگوزارییەکان، بەئامانجی دوورکەوتنەوە لە هەڵەو کەموکورتییەکان لە کاتی دەست نیشانکردنی شوێنی دامەزراوە فێرکارییەکان.

3. بەکارهێنانی تەکنیکی شیکاری و شیکردنەوەی ئاماری و شوێنی لە سیستەمی زانیارییە جوگلرافیەکان(GIS) لە دیاریکردنی شوێنی دامەزراوە فێرکاریەکان ، بۆ ئەوەی بتوانین لە ورێگەیەوە هاوسەنگی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری بگەڕێنینەوە.

4. گرنگیدان و بە هەند وەرگرتنی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، بە تایبەت ئەو گەڕەکانی پشتێنەی کاریگەر نایان گرێتەوە، پێویستیان بە دامەزراندنی چەندین دامەزراوەی فێرکاری نوێ هەیە وەك:

أ.دامەزرانی باخچەی منداڵان لە گەڕەکەکانی( خانزاد، بەرکێو، هەواری تازە، ڕزگاری، ڕۆژهەڵات، حاجی قادر، حاجی نامیق، شانەدەری سەروو، سەراوی خواروو).

ب. دامەزراندنی قوتابخانەی بنەڕەتی قۆناغی (7-9) بۆ گەڕەکەکانی(شانەدەری سەروو، شانەدەری خواروو، سەروەران، سەراوی سەروو، سەراوی خواروو).

## لیستی سەرچاوەکان

### سەچاوەکان بە زمانی کوردی:

**کتێب:**

کاکەڕەش، هۆشمەند جوهر عباس، 2019، شیکردنەوەی توانستی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای شەقلاوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

مصطفی، فاطمە قادر، 2020، جوگرافیای خزمەتگوزاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگەڵ.

**گۆڤاری ئەکادیمی:**

حمە علی، هەردی عبدالرحمن، 2024،بەکارهێنانی چوارگۆشەی کای و هاوکۆلکەی نزیکترین هاوسێ بۆ شیکردنەوەی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری هەڵەبجە، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە(9) .

کریم واحمد، محمد مهدی; ئامانج فواد، 2019، "هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لە شاری کەلار"دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (5).

**نامەو تێزەکان:**

حمەعلی، هەردی عبدالرحمن، 2016، دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری هەڵەبجە، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

گۆران، باسم قاسم سلیمان، 2022، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە شاری بەردەرەش بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان(GIS)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

محمد، نامدار محمد علی حاجی، 2022، دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری کەلار، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی گەرمیان.

**داتای دەزگا حکومییەکان:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرێتی شارەوانی سەیدسادق، بە شی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی 2024.

لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە، 2009، سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی پێشبینیکراو دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان و قەزا وناحیەکان بۆ ساڵی 2024.

**سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:**

**الكتاب**

صفر، زين العابدين علي، 2015، تخطيط المدن (أسس ومفاهيم وتطبيقات)، دار الوضاح للنشر، عمان/الأردن.

**المجلات:**

مصطفى، فاطمة، 2024، التوزيع الجغرافي للخدمات الدينية في مدينة قلعةدزة ( دراسة في جغرافية الخدمات)، مجلة ديالى للبحوث الإنسانية، عدد (99).

**الرسائل والاطاريح:**

ابوصلاح، محمد صلاح مصطفى، 2016، التحليل المكاني اللخدمات التعلمية و الصحية في محافظة طوباس، رسالة ماجستر(غيرة منشورة)، كلية الآداب، جامعة الكوفة.

حسين، بيان على،2009، التحليل الجغرافي الآتجاهات النمو الحضري في محافضة السليمانية، اطروحة دكتورا (غيرةمنشورة)، كلية علوم الآنسانية، قسم الجغرافية، جامعة السليمانية.

رواندزی، عمر حسن حسين، 2006، التحليل المكاني والوظيفي للخدمات التعلمية في مدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية(Gis)، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين.

صالح، عمر احمد الزاكي، 2018، تقيم التوزيع المكاني لخدمات التعليم العام باستخدام تقنيات نظم المعلومات الجغرافية و الاستعشار عن بعد (دراسة تطبقية على محلية بحري)،

أطروحة الدكتوراه(غيرة منشورة)، كلية الدراسات العليا والبحث العلمي، جامعة شندي – سودان.
عبدالله، تحسين هادي فضيل، 2021، تقييم كفاءة المجتمعية في مدينة الحمزة، رسالة ماجستر(غيرة منشورة)، كلية الاداب، جامعة القادسية.
محمود،ريبوار سعيد، 2013، التحليل المكاني لخدمات التعليم الثانوي في مدينة كركوك، رسالة ماجستر، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين.
المجمعي، محمد حسن علي، 2022، التحليل المكاني لتوزيع وكفاءة الخدمات التعلمية في ناحية الاسحاقي لسنة 2020، رسالة ماجستر(غيرة منشورة)، كلية التربية، جامعة سامراء.
يوسف، طاهرجمعة طاهر، 2007، التحليل المكاني الخدمات التعلمية في مدينة نابلس با ستخدام نظم المعلومات الجغرافية(GIS)، رسالة ماجستر (غيرمنشورة)، كليا الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية نابلس، فلسطين.

**سەردانی مەیدانی**

سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە لە ڕێکەوتی 2/1 بۆ 2025/2/10.

**پاشکۆی(1)**

هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ

بە پشت بە ستن بەم هاوکێشەی بەهای نزکترین دراوسێی دەردەهێنرێت:

$$R = 2d\,(N/A)$$

R= بەهای نزکترین دراوسێی

D= تێکرای دووری ڕاستەقینەی نێوان خاڵەکان لە دابەشبوونەکەدا

N= ژمارەی خاڵەکان

A = ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە

بڕوانە:

یوسف، طاهرجمعة طاهر، 2007، التحليل المكاني الخدمات التعلمية في مدينة نابلس با ستخدام نظم المعلومات الجغرافية(GIS)، رسالة ماجستر(غيرمنشورة)، كليا الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية نابلس، فلسطين، ص72.